
شیعر



سـەروەر کەریم

# من و ئەو

زۆر گرانە شیعر بتوانێ پێناسەی ئەو بکات!
تا رەنگی بەفر نەناسین و،
ئاشنا نەبین بەگریانی هەور و،
لە مانای ئاوێزان بوونی مانگ و دەریا نەگەین .
ئەستەمە وێنەی رووخساری بکێشین..
ئەوێک، لەگەڵ وەرزی باران نایەت و،
ناچێتە دیدەنی باخچەکان و،
حەز بەبینینی ئاونگی بەیان ناکات.
بەبینینی پەلکەزێڕینە تووڕە دەبێت و،
گوێ بۆ گۆرانیەکانی ژیان ناگرێت.
ئەو تەنها خۆی نهێنی مانای بوونە و،
ئەو تەنها خۆی بەفرە و،
کەس وادەی بارینی نازانێ؟
ئەمێستا من هەموو وەرزێکی زستان..



**چاوەڕوانی ئاوسبوونی  هەور دەکەم،**
**تا بۆ تەنیا جارێک بەفر ببارێنێ و،**
**هەموو زەمین بکاتە رەنگی خۆی و،**
**من و مانگ و دەریا لە خۆیا بتوێنێتەوە و،**
**یەکەمین چیرۆکی عەشقی بەفر،**
**بچێتە ناو فەرهەنگی ژیان و،**
**کەناریەکان لە خەوی قوڵی نائومێدی بەئاگا بێن و،**
**بەدەنگیان باخچەکان پڕ بکەن لە ئاواز...**
**ئای چاوەڕوانی وادەی بەفر!**
**کەی دەبارێتە ناو روحمەوە و؟**
**ئەم تەمەنە پڕ لە نامۆییەم،**
**بەڕەنگی خۆت سپی دەکەیتەوە و...**
**دەمبەیتەوە ماڵەکانی خۆشنودی و،**
**سەمایەک بەڕوحم دەکەیت.**

سلێمانی
١٩/٩/٢٠٠٨